# شەهید شێرکۆ عەزیز میرزا شەپۆلێکی تووڕە لەهەمبەر داگیرکەردا



شەهید شێرکۆ لەساڵی 1970 لەگەڕەکی سەرشەقام لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنفکری نیشتمانپەروەر لەدایک بووە ، پەروەردەبون و نەشونماکردنی بیری شۆڕشگێڕانەی شەهید پێشینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، بەو مانایەیی ئەگەر لەڕووی داهێنانی ئەدەبیەوە تەماشابکرێت ئەوا کاریگەریەکانی هەر دوو کەڵە نوسەرو شاعیری تازەگەری وەک ( جەلالی میرزاکەریم و غەفوری میرزاکەریم ) ڕۆڵ و نەخشی دیاریان هەبووە لەسەر بەرجەستەکردنی کەسێتی شۆڕشگێرانەی ئازادیخوازانە لەسەر تاک و کۆی ئەو بنەماڵەیە ، لای کەسیش شاراوە نیە کەسالآنی 1950 لەماڵی شەهید شێرکۆوە هزروبیری مارکسیزم _ لینینیزم کە ئەو سەردەمە لە حیزبی شیوعیدا فۆڕمەڵە بووبوو پەلوپۆی هاویشت و ماڵی ئەمان وەک ناوەندێک چەقی کارکردن بوو لەسازدانی ڕێکخستەکانی حیزب ، ئەم فاکتەرانە لەگەڵ

بالاكردنی شەهید شێرکۆدا مەزن دەبوو تالەدایک بوونی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) کە کاک ئاسۆی برای ناسراو بە ئاسۆ قەڵەو بەیەکێک لە تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە ناسرابوو ، کاتێکیش کاک ئاسۆ بووە پێشمەرگە شەهید شێرکۆش بەبەردەوامی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دەبووە میوانی ئەو کوڕە خۆنەویستانەی ناوچەی قەرەداخیان کردبووە (بنکەی سووری شۆڕش) .
شەهید شێرکۆ لە دەرفەتێک دەگەڕا خەوی بوون بە پێشمەرگەی بێتە دی ، بۆیە پێش ڕاپەڕینی ئازاری 1991 ڕۆڵی چالاکی هەبوو لەهەڵسورانی پلانەکان و نوسینی دروشمی ڕاپەڕین ، کە ڕاپەڕینیش بووە پراکتیک بووە فرسەتێک بۆ شەهید شێرکۆ و لەگەڵ کاک ئاسۆو هاوڕێکانیدا لەگرتنی ئەمنە سوورەکەدا لەپێشەوەی هەڵمەت بەراندا بوو ، کەکۆڕەوی خەڵک دەستی پێکرد لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەدا کە ژمارەیان 30 کەس بوو بڕیاری بەرگری و مانەوەیان دا لە (چەناخچیان) وەک هێزێکی خۆڕاگر،کاتێکیش سوپا بەزیوەکەی بەعس وویستی بەرەو ئەو ناوچەیە پێشڕەوەی بکات ئەو هێرشەی دوژمنیان تێک شکاندوو توانیان (ئامر لیواکە ) بەدەست بگرن ، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئامازەی پێبکرێت زۆرینەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە ئێستاکە وەک جەستە لەژیان دا نەماون ، بەڵام بە ڕۆح لە لای میللەت هەمیشە زیندوون .
کاتێک ئیدارەکانی ڕژێمی بەعس گەڕانەوە بۆ سلێمانی ، خوازیاربوون دووبارە بەسیاسەتە گڵاوەکانیان سەرکوتی مەعنەوی خەڵک بکەن بۆیە بە نیازبوون وەک مێژینەی شۆفینیستانەیان ترس و لەرز بکەنەوە بە باڵای میلەت ، لەو ساتەدا بەرەی کوردستانی مژۆڵ بوون بە گفتوگۆکانیان لە بەغداد و بەعسیش وەک کرداری تاکتیکانەی دەیویست مناوەرەکانی لە بەفیڕۆ دانی کات لەگەڵ حیزبەکان و لەو لاشەوە ڕێنمایی دارو دەستەکانی دەکرد لە چاندنی ترس و تۆقاندن ، بۆ ئەم مەبەستە (ئەحمەد دوری ) ئامۆزای عیزەت دووری کردبوو بە مدیری ئەمنی سلێمانی، لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ هەندێ لە فەرمانگەکان وتبووی ( مەحاڵە خەڵکی سلێمانی جارێکی تر پێشمەرگە و شۆڕش بە چاو ببینەوە ) کاتێک شەهید شێرکۆ گوێ بیستی ئەم ناماقوڵیەی مدیری ئەمن دەبێت لە 5-5- 1991 بڕیار دەدات ئەو ڕۆژە بکاتە دۆزەخێک بۆ بەعسیەکان و هەمان ڕۆژ 4 چالاکی شۆڕشگێڕانە ئەنجام دەدات و کۆتایەکەشی ئەم داستانەیە ، ( لەشەقامی سجن ئەحمەد دوری و حیمایەکانی ئەکەونە ژێر ڕەحمەتی گولە باران ئاسای شەهید شێرکۆوەو هەر لەوێدا ئەحمەد دوری و ژمارەیەک لە حیمایەکانی ئەگەیەنێتە جەهەنەم ، مخابن لەکاتێک دا پاشەکشێ دەکات لەلایەن شۆفێری دووریەوە ئەپێکرێت و بەسەختی بریندار ئەبێت ، کاتێک دەبرێتە نەخۆشخانە لەبەر زۆری برینداره بەعسیەکان ناپەرژێنە سەری و دڵە ئاگراویەکەی لە لێدان ئەکەوێت .

ئەوەی جێگەی داخە تا ئێستاکە لەهیچ کەناڵێک یاخود ناوەندێکی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە چەند ووشەیەکیش باس لە مەزنی ئەم پێشمەرگە لاوچاکە نەکراوە و تەنانەت لە لیستی شەهیدانیشدا ئامادەبونی نیە و وەک ئەرکی یەکێتیش بەرامبەر شەهید بێبەشە لە مافەکانی .
هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانی کاکە شێرکۆ وگشت نەمرانی ڕزگاری کوردستان .
تێبینی : ئەو وێنەیەی شەهید شێرکۆ لە گوندی (دوکەرۆ)ی قەرەداخ گیراوە لەکاتی سەردانیدا بۆ لای کاک ئاسۆی برای .